# رای گشتی وپڕوپاگەندەی سیاسی

ن/موژگانی فەرەجی

و/مەجید سالّح

پەرسەندنی کەنالّەکانی راگەیاندن(تەلەفزیۆن، رۆژنامە ...) دەبێتە هۆی سەرهەلّدانی گۆمەلگایەکی نوێ، کەتێیدا هەموو تاکەکان بێلەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەکوێ دەژین و سەر بەکام نەتەوەن، زۆربەئاسانی ئاگاداری رووداوو هەوالّەکانی دونیا دەبن. تا ئەو رادەیەی تەنانەت ئەگەر رێژەی بەشداری کردنی خەلّك لە چالاکیە کۆمەلاّیەتیەکانیش سنورداربێت، بەلاّم بەهۆی پەیامەکانی ئەو کەنالاّنەوە ئاستی ئاشناییان بەرووداوەکان بەرز دەبێتەوە. لە راستیدا لە کۆمەلگاکانی ئێستادا خەلّکە سادەکانیش بەلای کەمەوە توانای دەربڕینی بیرو بۆچونەکانیان هەیە و چیتر هیچ دەسەلاّتێك بەدەر نیە لەرەخنەو گازندەی خەلّك. لەم سەردەمەی ئێمەدا ، دەسەلاّت تا دێت لەخەلّك نزیك دەکەوێتەوە و مانەوەی هەموو حکومەتێك بەندە بەرەزامەندی رای گشتی، ئەمرۆ کەدەسەلاّت بوەتە بابەتی رای گشتی و دەسەلاّتداران لەوە دەرچون بپەرسترێن و هەموو کاتێك لەژێر کۆنترۆلّی داوەری خەلّکدان .خاوەن دەسەلاّتەکان چیتر ناتوانن بۆ هەتاهەتایە دەسەلاّتەکانیان بپارێزن تەنها لەحالّەتی رەزامەندی ئاشکرای هێزێکی شاراوە بەناوی(رای گشتی).

لەم حالّەتەدا پەروپاگەندەی سیاسی بە هۆی ئەو هەمو توانایەی کە تەکنەلۆژیای پەیوەندی و زانیاری خستویەتیە بەر دەستی، بەلّگەیەکی بەهێزە بۆ گرنگی رای گشتی لە کۆمەلّگا هاوچەرخەکاندا. ئەو سیاسەتمەدارانەی کەلایەنگیری زۆریان نیە، یان ئەو کاندیدانەی کەناتوانن رای پێویست بەدەست بهێنن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان ئەو لەبەر بێتوانایی خۆیانە. هەربۆیە ئەو رابەرانەی کە گرنگی بەرای خەلّك دەدەن و کار بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی ئەوان دەکەن ، لەو راستیە تێگەیشتون کەدەبێ کەنالّکانی راگەیاندن بکەن بەو پەردەی کەلێوەدەگەن پێیان.

لەئەنجامدا ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان پڕوپاگەندەو گاریگەری لە سەر رایگشتی دروست دەبێ،لە پیش هەموو شتێکدا بە رادەیپێشکەوتنیکۆمەلّگاو سیستەمی حکومەتەکانەوە بەندە.

دکتۆر حسێن ئەفخەمی مامۆستای زانکۆی تاران سەبارەت بە گرنگی رۆلّی پروپاگەندە لە ئاراستەکردنی رای گشتی دەلّێ: لە پڕوپاگەندەی سیاسیدا دوو لایەن کاریگەرن،رای گشتی و کەنالّەکانی راگەیاندن.بەلاّم لەوانە بتزازێ حزبەکان رۆلّی سەرەکی دەگێڕن.گەر حزبەکان وربن لە پروپاگەندەی سیاسی،ئەوکات ماس میدیاکان رۆلّی کاریگەر دەگێرن.هەر بۆیە پروپاگەندەی سیاسی بە شێوەیەکی توند گرێ دراوە بەجۆر وژمارەی کەنالّەکانی پڕوپاگەندەوە.بەواتایەکی تر تائەوکاتەی کەنالّی پڕوپاکەندەی زیاتر لە ژێر دەستی پروپاگەندەکەرەکاندا بێت،کاریگەری پروپاگەندەکە زیاتر دەبێت.

بۆنمونە لە هەلّبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێراندا،پێش خاتەمی کەنالّەکانی راگەیانن هێندە کاریگەرییان لە سەر هەلّبژاردنەکان نەبو،بەلاّم پاش هاتنە سەرکاری خاتەمیبە هۆی ئازادی رێژەیی کەنالّکانی راگەیاندن،زۆربەی ئەو ئەندامانەی کەچونە ناو پەرلەمانی شەشەمەوە،بریتیی بون لەو کاندیدانەی کە رۆژنامەکان پشتیوانیان لێ دەکردن وپڕوپاگەندەی بۆ دەکردن.

ئەمڕۆ لەهەلّبژادنەکانی پەرلەمانی ئێراندا رای یەکێك لەگەلّ یەکێکی تردا هاوسەنگ ویەکسانە، چونکەتاکەکان تەنیا بۆیان هەیە یەکجار دەنگ بدەن لەهەلّبژادنێکدا ، جگە لەوە لە کۆمەلّگاکانی ئێستا هەر کەسێك بگرێرای سەربەخۆی تایبەتی هەیە و دەتوانێ چۆنیبوێ ژیانی خۆی دەست نیشان بکات . بەمانایەکی تر هەموو بنمالّەیەك بۆی هەیە ئەو رۆژنامەبکرێت کەدەیەوێ و دەنگ بەو حزب و لایەنە بدات کەلەگەلّ بەرژەوەندییەکانیدا دەگونجێ و ئارەزوەکانی دێنێتەدی . پێویستە ئەوەش بلّێین بیروڕا گۆڕینەوە و وتووێژ کردن لەژیانی رۆژانەدا تا دێت رەواج پەیدا دەکات، دەرەنجامی ئەو وتوێژانەش لەکاتی دەنگداندا چارەنوسی کۆمەلّگا دەست نیشان دەکات. ئاشکرایە لاگرنگترین کارێك کەپڕوپاگەندە ئەنجامی دەدا، هاندانی خەلّکە بۆ بۆ ئەنجامدانی کارێك کەپێشتر زەمینەی لەناو ئەو خەلّکەدا هەبووە . واتە پڕوپاگەندە دەتوانێ بۆچونەکانی بەهێزتر بکات، بەلاّم ئایا دەکرێت پڕوپاگەندە بەجۆرێك لە هەلّخەلّەتاندن لەقەلّم بدرێت؟

دكتۆر ئەفحەمی لە وەڵامی ئەم پرسیاەدا دەڵێت :"پڕوپاگەندە ئاستی زانیاری خەڵك بەرز دەكاتەوە ، جۆرێك نیە لەهەڵخەڵتاندن .هەرچەندە لە رژێمە داخراوەكاندا خەڵك كەمتر ئاگاداری راستییەكانن و پڕوپاگەندە زیاتر بۆ تۆقاندنە ، بەڵام لەرژێمە كراوەوكاندا ، پڕوپاگەندە دەتوانێ ئاستی شارەزایی خەڵك حەقیقەتی سیاسەتەكان و بەشداریكردن بەرزكاتەوە .
بەڵام ئێستا ناتوانن ئەركی خۆیان وەك پێویست ببینن. پێویستە چاپەمەنییەكان هەوڵبدەن ببنە گەیەنەری دەنگی سیاسەتمەداران بە خەڵك وبەپێچەوانەشەوە دەنگی خەڵك بخەنەبەردەستی سیاسەتمەداران . نەك پاش دەرچونی كاندیدەكانیان ببنە پشتیوان و پەردە پۆشكەری هەڵەكانیان " .
لەو وڵاتانەی كە سیستەمی حزبایەتی تیایاندا باڵا دەستە، پەیامە پڕوپاگەندەییەكانیان جێگەو پلەو پایەیان بەرز و دیارە، بەڵام لەكۆمەڵگا داخراوەكاندا هەموشتێك شاوەیە.

www.sharghnewspaper.com